چاوخشاندنێك به كێشەی ئێران و ئەمریكا و، داهاتووی كورد

سید كامیل چاپاش

ململانێی ئەمریكا و رژێمی ئاخوندی ئێران مەسەلەیەكی هەستیار و چەندین سالّەیە كە زۆر لێكدانەوە و شرۆڤەی بۆ كراوە و باسێكی گشتیە و لەئێستا دا پتر لەجاران جێگەی موناقشە و گفتگۆیە. لەو پێوەندیە دا شاهیدی بۆچوون و رای جیاوازین و هەر كەس بۆچوون و لێكدانەوەی تایبەتی لەسەر مەوزووعەكە هەیە. كۆمەلێك لەسەر ئەو بروایەن كە لەئەنجام دا ئەمریكا و رژێمی ئێران لەسەر میزێك دادەنیشین و كێشەكانی نێوانیان چارەسەر دەكەن و هێندێك بەشێوەییكی موحافیزەكارانە خۆ لەو بابەتە نادەن و تەنیا بەوەندەی كە لاگیری لەهێرشێكی دەرەكی ناكەن قەناعەت دەكەن، لەلایێكی دیكەوە كۆمەلێك كە ژمارەشیان كەم نییە لەسەر ئەو بروایەن كە ئەمریكا لەبیری پلان دارشتن بۆ هێرشێكی كتوپرە و تەنانەت لەوەپێش كاتەكەشی دیاری كراوە، بەلّام زۆری پێ نەچوو تۆزەران و كارناسانی مەسایلی نێودەولّەتی و شارەزایانی سیاسی دوابەدوای ئەوەی كە ١٦ رێكخراوی زانیاری ئەمریكا لەسەر ئەوەی كە رژێمی ئێران بەرنامەی دروست كردنی بۆمبی ئەتۆمی لەسالّی ٢٠٠٣وە راگرتووە، راپۆرتێكیان بلاّو كردەوە، بۆچوونەكانیان گۆراو هێرش كردنە سەر ئێرانیان لانی كەم لەماوەیێكی نزیكدا بەدوور زانی. بەو پێیە ئەو رەوشە درێژەی دەبێ و هەر وەك دەبینین لێكدانەوەكان بە بچوكترین نەوسان و گۆرانێك لەبارودۆخەكە دەگۆڕێن. هەر لەو پێوەندییە دا دووبارە دەتوانین باسی لێكدانەوەكان لەسەر پالێوێراوانی سەرۆك كۆماری ئەمریكا بكەین كە هێندێك دەلێن "براك ئوباما" كەسێكی زۆر نەرم و نیانە و باسی دانیشتنی بێ مەرج لەگەلّ دەسەلاّتدارانی رژێم دەكات و هێندێك وای دەردەخەن كە هەلّوێستەكانی سەناتۆر "جان مەك كین "ی كۆماریخواز كەسێكی زۆر بە بڕشت و تونdeە لەبەرانبەر رژێمی ئێران و بەو شێوەیە خەلّكیان چاوەروانی ئاكامەكانی هەلّبژاردن لەئەمریكا كردووە و لەئەنجامیش دا دەردەكەوێ كەئەگەر هەر كام لەو كەسانە بێنە سەركار هیچ كام لە لێكدانەوەكانبەو شێوەی باس دەكرێ نایەنە دی.

سەردەرای ئەوەش بیروبۆچوونە جیاوازەكان لەسەر ئەگەری روودانی شەر یان ئاشتی یان هەر حالّەتێكی تر لەنێوان ئێران و ئەمریكا سەدلەسەد راست و دروست نییە، چونكە كۆمەلێك شتی تر لەو هەل و مەرجانە دا كاریگەرییان هەیە كە تا كاتی وەدی هاتنی رووداوەكان، بە تەواوی ناتواندرێ بیانخوێنینەوە، وەك باری سایكۆلۆژی و تایبەتمەندییەكانی دەروونی مرۆڤ بە گشتی و هێندێك كردەوەی هاندەرانە، كە بێ گومان سەركردەكانیش ئەو تایبەتمەندییانەیان تێدایە. ئەگەر بمانهەوێ وێنە لە میژوو دابێنینەوە دەتوانین ئیشارە بە هەستی رەگەزپەرستانە و شەرخوازانەی ئادۆلّف هیتلەر رێبەری ئالمانی نازی بكەین كە لە ئەنجام دا بوو بە هۆی هەلگیرسانی شەری جیهانی دووهەم و لەناوچوونی خۆی، یان دەتوانین ئیشارە بە هاندانی ئەمریكا بكەین لە لایەن سەدام حوسێن كە بە هێرش كردنە سەر كویت رێگەی بۆ ئەمریكا و هاوپەیمانانی كردەوە تا هەلّكوتنە سەر حكوومەتی بەعس. ئەو حالّەتە بە پێچەوانەشەوە هەر راستە، هێندێك كردەوە و تایبەتمەندی دەروونی دەبنە هۆی پێشگیری لەرووداوی بژاردە نەخوازرا و زۆر تێچووەكان.

لەو چەند دێرەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێ كە ئەگەری هاتنە ئارای هەر كام لەو وەزعانە تا كۆتایی لەلای كەس ئاشكرا و روون نییە، چونكە كۆمەلێك فاكتەر دەور دەگێڕن كە قابیلی پێش بینی نین.

لێرەدا ئەگەر ئەو پرسیارە بكەین كە ئێمەی كورد و خەلّكی ئێران بە تێكرا وەكوو تەرف حیسابێك كە چارەنووسی میللەتەكەمان بەو كێشە سیاسیە گرێدراوە و تەئسیری لەو ململانییە جیهانییەیە وەرگرتووە، لەكوێ وێستاوین و چ دەورێكمان هەیە؟ دەبێ چ هەنگاو گەلێك هەلّگرین و پرۆژەمان دەبێ چی بێ؟ بێگومان بە بنەما گرتنی ئەو ئەسلّەی سەرەوە، كارێكی نالوژیك و ژیرانە نییە كە لەو ئەقوسفێرە دا یا زۆر ئومێدوار بین یا خود نائومێد و لە لایێكی دیكەوە بە كەلّك ورگرتن لەئامێرەكانی پێوەندی و راگەیاندن و لێكدانەوە هەلّەكان ئەو رەوشە بگوازینەوە ناو كۆمەلّگا. بە بروای من ئوپۆزسیونی كورد بە تایبەتی و ئێرانی بەگشتی دەبێ بەرنامەی دیاریكراوی خۆی هەبێ و زیاتر لەوەی كە تەئسیر وەرگر و چاوەروان بێ تەئسیر دانەر و پێشرەو و ئەكتیڤانە حزووری هەبێ. دەبێ پێش ئەمری واقع و رووداوی هەر رووداوێك ئامادەكاری و خۆسازدانمان بۆ كردبێ و لە هەر حالّەتێكی دا بەرنامە و ئیستراتژی دیاری كراوی خۆمان هەبێ. ئەوەش هەرگیز بە شێوەیێكی تەواو جێبەجێ نابێ مەگەر بە یەكێتییێكی نەتەوەیی و لێك نزیكبوونەوەیێكی گشتی نەبێ. تەنیا بە دروست كردنی ئیتلاف و مەكۆیێكی نەتەوەیی لەهەنگاوی یەكەم و پاشان بەرینتر كردنەوەی دەتوانین بەرژەوەندییەكانی نەتەوەییمان بپارێزین و تووشی سەرلێشێواوی و پەرێشانی نەبین. خۆسازدان و ئامادەكاری و لێك نزیكبوون و لێك حالیبوون لەكاتی جێكۆركێی دەسەلاّت و سرینەوەی سێبەری شوومی رژێمی ئێران چ بە راپەرینی گەلانی ئێران یا هێرشێكی دەرەكی زەرورەتێكی هەستیار و هەنووكەییە. دەبێ بە بێ تەعاروفاتی سیاسی لەدەوری یەكدی باس لەمەوزووعە گرینگەكان بكەین و خۆمان بۆ هەر حالّەتێكی كتوپر و یان رێكخستن و خەت دەیی و رێنوینی جەماوەر رێكبخەین. پێویست بەوەتنە كە ئەو نزیكبوونەوەیە نابێ لەروانگەی تاك و لەچوارچێوەی قازانجی حیزبی لێی بروانین، بەلكو وەكوو زەرورەتێك و ئەركێكی میژوویی لەراست تەئریخ و گەلەكەمان چاوی لێ بكەین و بە هەستی بەرپرسیارەتیەوە هەنگاوی چارەنووس سازی بۆ هەلّگرین.

***

زۆرجار كە باس لە مافی ئافرەت و ئەو ستەم و جیاوازیدانانەی كە لەكۆمەلّگا دا بەرانبەریان دەكرێ، پیاوان تاوانبار دەكرێن كە كۆت و بەند و كۆسپ دەخەنە بەردەم ئافرەتان.

بێ شك پیاو بە رەفتار و هەلّوێستەكانی یەكێك لەو هۆیانەن كە بۆ دواكەوتنی ئافرەت و بەشداریان لەئەرك و كارە كۆمەلّایەتی، سیاسی و ئیدارییەكان كۆسپن. بەلّام ئەوەی راستی بێ تەنیا پیاوان بەرپرس و هۆی بنەڕەتی و تەواوی ئەو وەزعە كە ئافرەت لەكۆمەلّگادا تووشیان دێت سەرچاوەكەی پیاو نییە.

ژمارەیێكی دیكە ئایین و دیاردە كۆمەلّایەتیەكان تاوانبار دەكەن و بە سەرچاوەی ئەوەی دەزانن كە ئافرەتان نەتوانن وەك پێویست پێش بكەون و گەشە بستێنن، بەلّام ئەو بۆچوونەش تەواو نییە و وەك دەبینین هیچكام لەئەدیانەكان ئەوەیان تێدانەهاتووە كە ئافرەت كۆت و بەند بكرێ و رێگەی لێ بگیرێ بۆ بەشداری كردن لەئیدارە كردنی كۆمەلّگا و ئەرك و فەرمانە گشتیەكان.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا هەلّوێستی پیاوان دەكرێ رێگری بكا لەپێشكەوتنی ئافرەتان، كە گومان نییە مرۆڤەكان بە پێی سایكۆلۆژی خۆیان، چ پیاو و چ ئافرەت، حەز بە بالاّدەستی دەكەن، تەنانەت پیاوان لەبەرانبەر یەكدا ئەو دیاردەیان تێدایە، لەهەمان كاتدا ئافرەتانیش ئەگەر بۆیان بلوێ ئارەزوویانە، چینی بالاّدەست و دەسەلاّتی بێ ئەم و ئەولا بن. هەروەك دەبینین لەبەشێك لەخانەوادەكانی كۆمەلّگای كوردەواری دا هەیە كە ئافرەت دەسەلاّتی سەرەكی خانەوادەیان لەدەستدایە و كەمتر رێگە دەدەن بە پێاوەكانیان. بەو پێیە بۆمان دەردەكەوێ حەزی بالاّدەستی لە بوونەوەر و مرۆڤایەتی بە تێكرا وجوودی هەیە. ئەوەی لێرەدا گرینگە ئامـاژەی پێبكەین، ئەوەیە كە لەراستیدا ژنان بەشێكی گەورە لەو بەرپرسیایەتیە لەمەڕ ئـازار و دواكەوتوویی و بەشداری نەكردنیان لەئەستۆیە. بەشێكی بەرچاو لە ئافرەتان لەجیات ئەوەی خۆیان بە بردنەسەرەوەی باری رۆشنبیری و زانستی و هەولّ بۆ پێڕێش كەوتنی خۆیان و كۆمەلّگابدەن، زیاتر خەریكی كاری لاوەكی و بێ كەلّك و سەرتایین. بۆ وێنە ژمارەیێك لەئافرەتان كە ژیانی هاوبەش لەگەلّ پیاوێك پێك دێنن و ژیانی نوێ دەست پێ دەكەن، داوای سەرەكیان لەپیاوەكە زێڕ و زێوی زۆر و مالّی پوشتە و خانووی گرانبەهایە، ئەو داوایەی ئەو ژمارە لەئافرەتان نەتەنیا

نابێتە هۆی بەرزبوونەوەی پێگە و شوێنیان لەكۆمەلّگا دا، تەنانەت نابێتە هۆی خۆش بوونی ژیانیان لەداهاتوو دا. ئەگەر ئەو ژمارەیەی ژنان لەجیات داوای زێر و زێو و خانوو، باسی فەلسەفەی ژیانی هاوبەش و رازی خۆشەویستی و پێوەندی و هاوسۆزی بكەن، باشتر نییە؟ گومان لەودا نییە ئەو ئافرەتەی كە داوای زۆر لە پیاو دەكەن ، كویلەتی و ژێردەستی خۆیان بەو داوایانە مۆر دەكەن و وەك ئەوەی خۆیان وەك كالاّییێك فرۆشتبێ، نەك شەراكەتی ژیانیان لەگەلّ پیاو هەلّبژاردبێ.

لەلایێكی دیكەوە جێگەی داخە بەشێك لەو ئافرەتانەی خۆیان بە رۆشنبیر و پێش كەوتوو دەزانن باسی رۆشنبیری و مافی ئافرەتیان كردۆتە بنیشتە خۆشە و كەلّكی نابەجێ و هەلپەرەستانەی بە قازانجی تاكەكەسی خۆیان لێ وەردەگرن. وەك دیتومانە چەندین ئافرەت كە خۆیان بە داكۆكیكەری مافی ئافرەتان ناو دەهێنن، كاتێ هەلیان بۆ هەلّكەوتوە، پشت لە مافە بنەرەتیەكانیان دەكەن و تەنانەت ئاماده دەبن، لەگەلّ پیاوێك ژیانی هاوبەش پێك بێنین كە خاوەنی ژنی دیكەیە. رۆشنبیر و نووسەرێكی ئافرەت كە خۆی بە داكۆكیكەری مافی ئافرەتان دەزانێ چۆنە بە پێچەوانەی قسە و هەلّوێستە زاهیریەكانی خۆی لەگەلّ پیاوێكی چەند ژنە ژیانی هاوبەش پێك دێنێ؟ بۆیە ئەو نمونانەم هێنایەوە كە ئەوەم روون كردبێتەوە كە سەرچاوەی سەرەكی نەهامەتیەكانی ئافرەتان لەكۆمەلّگای كوردەواری و تەنانەت خۆرهەلّاتی ناوەراست تەنیا لە پیاوان دا كورت نابێتەوە.

لێرەدا بەو ئاكامە دەگەین، بەردی بناغەی پەیدابوون و سەرهەلّدانی ئەو جیاوازیانە، نەبوونی رۆشنبیری و ووشیاری تەواوە بەسەر كۆمەلّگا بە تێكڕا، بێگومان پیاوان و ئافرەتان بەرپرسایەتی گەورەیان هەیە لەئیدارەكردن و بەرەوپێش بردنی ژیان و خانەوادە و وولاّت.

دیارە باسی وەزعی ئافرەتان و پێگەیان لەكۆمەلّگا زۆر لێدوان هەلّدەگرێ و بە بابەتێك و دەیان بابەت كۆتایی پێنایێ، بەلّام گرینگە ئافرەتان بۆ خۆیان بە شێوەی بنەڕەتی و بەهەست كردن بە بەرپرسایەتیەوە، لەو پێناوەدا هەنگاو هەلّگرن و چالاك بن و خۆیان بە ئەركە سەركیەكان و باری رۆشنبیری و ووریا كرنەوەی كۆمەلّگاوە خەریك بكەن و مەسەلە و باسە لاوەكیەكان وەلانێن، تا بتوانن بە هاوبەشی كردن لەگەلّ پیاوان كۆمەلّگایێكی سالّم و بێ كێشە خانەوادەیەكی ئاسوودە، نیشتمانێكی پێش كەوتوو ئیدارە بكەن.

***

پێگەی ژنان لە كۆمەلّگا دا

نەوین

سەرۆكی كومیساریای پەنابەران رەوشی پەنابەرانیان تاوتوێ كرد

رۆژی ٢٧ ڕێبەندانی ١٣٨٦ لە سەلاحەدین "بەڕێزمەسعود بارزانی" سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەگەلّ شاندێكی بالاّی كومیساریای كاروباری پەنابەرانی سەر بەنەتەوە یەكگرتووكان، رەوشی پەنابەرانی كوردانی رۆژئاوا و باكوور و پەنابەرانی ناوەراست و باشورە عێراقیان لە هەرێمی كوردستان تاوتوێ كرد.

لەدیدارەكە "ئەنتۆنیو گۆتۆریسی" وێرای خۆشحالی دەربڕین بەو سەقامگیریەی لەهەرێمی كوردستان دا هەیە، هەل و مەرجی خەلّكانی ناوەراست و باشووری عێراقی لەگەلّ سەرۆك بارزانی كە لە هەرێمی كوردستان نیشتەجێن باسكرد و دەستخۆشی لە هاوكاریەكانی حكوومەتی هەرێم لێكردن. هەروەها لەو كۆبوونەوەیە دا باس لەكوردە پەنابەرەكانی كوردستانی توركیە و كوردەكانی سوریەش كرا بەلاّم باسێكی ئەوتۆ لە كوردەكانی رۆژهەلّات نەكراوە و هۆكەشی نادیارە.